# بەرەی کوردستانی ، بەرەی یەکگرتووی کورد ،
# هەڵوێست و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران

رزگارموحەمەد پوور

دوای تەواو بوونی پلنومی 8ی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مستەفا هیجری سکرتێری گشتی ئەو حیزبە لە قسەو باسێک دا کە لە تیشك tv دا بلاو بووە سەبارەت بە پێك هێنان یا نەهێنانی بەرە لە نێوان ئۆپوزسیونی کورد و هەروها سەبارەت بە بەرەی یەکگرتووی کورد کە بهائەدین ئەدەب و چەند کەسێك لە هاوبیرەکانی بە ئیجازەی جمهوری ئیسلامی پێکیان هێناوە هەلویست و سیاسەتی حیزبی دیموکراتی لەسەر ئەم دوو مەسەلەیە دایە بەر باس و لێکولینەوە .

هیجری لە قسەکانیدا باسی بەرەی کوردستانی و ئەو زەروورەتە سیاسیە دەکات کە پێك هێنانی بەرە بۆ ئەوان هەیەتی بە بیّ ئەوەی روونی بکاتەوە کە ئەو زەروورەتە سیاسیە چییە و لە کوێوە هاتووە ؟ جگە لە ناهومێد بوون بە هێزی جەماوەر و کیسە هەلدوورین بۆ هێرشی نیزامی ئامریکا بۆ سەر ئێران و سوار بوونیان لە سەر تانکەکانی ئامریکا بەرەو ئێران و گرتنە دەستی دەسلات نەبێت زەروورەتێکی دیکە بەر چاو ناکەوێت .

ئەوەمان لە بیر نەچیت  کە رووخان و لە ناو چوونی کۆماری ئیسلامی و نەمانی دەسەلاتی رەشی ئەو رژیمە هەمووکات و ساتێك لە زەروورەتیش بەولاوەترە و هاوپشتی و یەکریزی لە دژی ئەو رژیمە بۆ بەدەست هێنانی ماف چارەنووس ، لە لایەن هێزە سیاسیە کان و خەلکی کوردستان شتێکی حاشاهەلنەگرە . بەلام ئەگەر ئەمانە زەروورەتی سیاسی پێك هێنانی بەرە نەبن ! دەبیّ چ شتێکی تر ئەو زەروورەتەی هێنابێتە ئاراوە ؟ هاوکاری و کۆك بوون لە بوارە جۆراوجۆرەکانی مووبارزە لە دژی کۆماری ئیسلامی بە بیّ پێك هێنانی بەرەش شتێکی مەحال نییە .

هیجری لە بەشێکی تری قسەکانیدا باسی ئەوە دەکات کە باوەریان بە فرە حیزبی هەیە و خوازیاری هاوکاری و پەیوەندی دۆستانە لە گەل تەواوی حیزبەکانن بەلام کاتێك دێتە سەر هۆکارەکانی پێك نەهاتنی بەرە باس لە زرق و بەرق دار بوونی درووشم و سیاسەتەکانی حیزبەکان دەکاو دەلیّ کە :"ئەوان شناختیان لە سەر هندێك لەو حیزبانە نییە کە قەرارە بەرەیان لە گەل پێك بێنن و حووزوور لە بەرەیەك دا پێویستی بە شناخت و ناسین هەیە و دەلیّ کە ئەوان نازانن کە ئەو حیزبانە دواتر چوون هەلوێست لە سەر گۆرانکاریە سیاسیەکان وەردرگرن ."

هیجری بۆ کەسانێك کە گوێیان لە قسەکانی گرتووە روونی ناکاتەوە کە ئەو حیزبانەی کە بریارە بەرەیان لەگەل پێك بێنن و ئەوانەی کە وا شناختیان لە سەریان نییە کامانن و لە سەر کام سیاسەتی دیاریکراو بەرە پێك دێنن یان دژایەتی دەکەن !

خالی جێگای سەرنج ئەوەیە کە کام هێزی سیاسی جیددی هەیە کە لە سەر رووداوەکانی ئەم چەند سالەی رابردوو لە رۆژهەلاتی ناوەراست هەر لە هێرشی نیزامی ئامریکا بۆ سەر ئەفغانستان و عێراق تا رووداوەکانی ناوچەکە و ناوخۆی ئیران و کوردستان هەلوێست و سیاسەتی دیاریکراویان نەبووبێت بەلام جەماوەری خەلك بە حیزبی سیاسی جیددی چاوی لێبکەن ؟

هەلوێست و سیاسەتی هەمووحیزبەکان لەم چەند سالەی رابردوودا زۆر روون و ئاشکرایە ، زۆرێك لە حیزبە ناسیونالیست و بۆرژواکانی ئیران و کوردستان دەهۆڵیان لە شان کرد و بەسەر شان و بالی ئامریکا دا ئاواز و هۆنراوەیان وت و چاوەروانی پاڵ دانەوە لەسەر کورسی دەسەلات بوون . حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بۆخۆی یەکێك لەوانە بوو وکاتی هەلبژاردنەوەی بووش بۆ جاری دووهەمی سەرۆك کۆماری ئامریکا ، ئاغای هیجری لە پەیامێکی پیرۆزبایی دا  بوو بە نوێنەری خەلکی کوردستان و داوایکرد کە کۆماری ئیسلامی بۆ بروخێنێت و

بەلكوو فەرجەیك دروست بێت تا حیزبەكەی ئەو گۆشەیەك لە دەسەلاتی بەر كەوێت .لە لایەكی دیكەوە ئەگەر حیزبی دیموكرات باوەری بە فرە حیزبی و هاوكاری و پەیوەندی دۆستانە هەیە دەبیٚ ئەو شناخت و ناسینە پێویستییە چی بێت كە باوەر بوون بە فرە حیزبی و هاوكاری وپەیوەندی دۆستانە دەرەقەتی نایەت یان بە وتەی فارسی ( كاسەای زیر نیم كاسە نیست ) .

هیجری دواتر دێتە سەر بەرەی یەكگرتووی كورد كە سال و نیوێك لەوەپێش بهائەدین ئەدەب و چەند كەسی دیكە و بە ئاگاداری كۆماری ئیسلامی دروست بوو و بەم جۆرە باسیان دەكا : دامەزرێنەرانی ئەم بەرەیە كۆمەلێك كەسی خەباتكار و ئەندامانی پێشووی مەجلیسی شوورای ئیسلامین كە بە پێی قانوونی ئەساسی ئێران بۆ بەدەست هێنانی مافەكانی خەلكی كوردستان هەول دەدەن ، ئێمە دژایەتییان ناكەین و تائەو جێگایەش كە لە توانامانداییە هاوكاری و پشتیوانییان دەكەین ، دواتر دەلێت : دەبیٚ چاوەروان بین كە چییان لە دەست دێت ئەگەر توانیان بۆ بە دەست هێنانی مافەكانی خەلكی كوردستان هەنگاوێك بەرەو پێش برۆن ئەوە ئیمە پشتیوانییان لیٚ دەكەین و ئەگەریش نەیانتوانی ئەو كات رەخنەو گازەندە روو دەكاتە كۆماری ئیسلامی كە كۆمەلێك كەس بە بیٚ بە دەستەوەبوونی چەك هەلٚ بۆ بە دەست هێنانی مافەكانی خەلكی كوردستان دەدەن بەلام كۆماری ئیسلامی نەیهێشت كە لەم رێگایەشەوە خەلكی كوردستان بە مافەكانی خۆیان بگەن .

یەكەم پرسیار ئەوەیە كە ، ئەگەر دامەزرینەران و ئەندامانی پارلمان و ئیستای ئەم ناوەندە كۆنەپەرست و یاسادارێژە خەباتكارن ، ئەی خەلكی كوردستان و حیزبە سیاسیەكانی كە 27 سالە لە دژی كۆماری ئیسلامی و یاسا و رێساكانی خەبات و فیداكاری دەكەن و قووربانی دەدەن چ كارەن؟!

مەگەر 27 سالە خەلكی كوردستان و ئێران بە فەرمانی 3 ناوەندی ئەسلٚی دەسەلات ( یاسا دانان ، قەزایی وئیجرایی ) كە مەجلیس یەكێك لەوانە سەركووت و قەتلٚو عام ناكرێن ؟! مەگەر هەر بە فەرمانی ئەم ناوەندانەی دەسەلات دوو رێبەری پێشووی حیزبی دیموكرات( قاسملو، شەرەفكەندی ) وە دەیان نارازی دیكە لە دەرەوەی وەلات ترور نەكران ؟!

بە راستی حیزبی دیموكرات و سكرتێرەكەی كەی لە مێژوو دەرس وەر دەگرن و كەی بەتەمان واز لە پاكانە كردن بۆ هاوكارانی كۆماری ئیسلامی بێنن ؟!

سەبارەت بە قانوونی ئەساسی كۆماری ئیسلامی و ئەو مافانەی كە ئەم ئاغایانە لەم قانوونەدا دۆزیویانەتەوە و دەیان هەوێت هەر لە رێی ئەو قانوونە پێی بگەن ، پرسیار ئەوەیە ئەمە چ حەق و حقوقێكە كە لە 27 سالی رابردوودا كەسێك پێی نەزانیوە و ئەوان كەشفیان كردووە كە لە ناو قانوونی ئەساسی كۆماری ئیسلامی دا شتێك بە ناوی مافی خەلكی كوردستان و نەتەوەكانی تری ژێردەستە و یان مافی كرێكاران ، ژنان ، لاوان و...هەیە ؟ ئەگەر وایە بۆچی جێبەجیٚ نەبووە و تا ئیستا و بێگومان لە كۆماری ئیسلامیدا بۆ ئێران بووە بە زیندانی هەموو دانیشتوانی ئەم ولاتە ؟ قانوونی ئەساسی كۆماری ئیسلامی ئەو یاسا دژی ئینسانی و نگریسەیە كە 27 سالە كۆمەلانی خەلكی ئێران بە گشتی ، كرێكاران ، ژنان ، لاوان ، تیكۆشەران و ئازادیخوازان هەر بە پێی ئەو قانوونە مافەكانیان پێشێل دەكرێت ، راپێچی زیندان و سیاچالەكانی رژیم دەكرین و سەركووتو ئەشكەنجەو ئیعدامی ئازادیخوازانی پیٚ دەكرێت .

ئەدەب و هاوبیرەكانی چ كەسانێكی خەباتكار و تێكۆشەرن كە توانیویانە لە بێژنگەكانی كۆماری ئیسلامی تێپەر بن و ببنە ئەندامی شوورای ئیسلامی و ئیستاش پارێزەر و موودافیعی خەلكی كوردستان بن ؟! ئەمانە جگە لە چەند سەربازێكی گیان لە سەر دەست كە هەموو كات وساتێك ئامادەی دەرباز كردنی كۆماری ئیسلامی لە قەیرانە ناوخۆییەكان و لە بار بردنی خەباتی شۆرشگێرانەن لە كوردستان ، هەر هەمان ئەو ئیسلاح خوازانەی سەردەمی خاتەمی سەرۆك كۆماری پێشووی ئێرانن كە لە دەوری عەبای ئەو جەنابە تەوافیان دەكرد و توانییان لەو رێگایەوە 8 سالی رەشی تر بە تەمەنی نەگریسی ئەو رژیمە زیاد بكەن ، ئێستاش بە شوێن رووداوەكانی هاوینی سالی 1384 و

ئەو ئاخێزە جەماوەریەی کە لە سەرتاسەری کوردستان مانگرتنی بە شکۆی 16ی گەلاوێژی لێکەوتەوە ، قۆڵیان هەڵماڵیوە و دەیانهەوێت جارێکی تر کۆماری ئیسلامی لە نارەزایەتی و خەباتی جەماوەری لە کوردستان پارێزراو رابگرن و بەم شێوەیە هەم خەباتی شۆرشگێرانە لە کوردستان لە بار بەرن و هەمیش بە کۆماری ئیسلامی نیشان بدەن کە دەتوانن بەر بەم نارەزایەتی و خەباتە جەماوەریانە بگرن . بیٚ ئاگا لەوەیکە ئەو مۆرە سووتاوانەی رژیم دەمێك سالە لە لایەن خەلکی کوردستانەوە دەستیان خوێندراوەتەوە و کەسانێکی زۆر ناسراون بۆ خەلکی کوردستان و هەولی ئەمجارەی ئاغایان پەلە قاژەیەك زیاتر نییە .

هیجری دەلێت کە ئەدب و هاوبیرەکانی بیٚ چەك دەیانهەوێت مافەکانی خەلکی کوردستان بە دەست بێنن بەلام لەوە دەچێت هیجری بیٚ ئاگابێت کە کۆماری ئیسلامی هەر لە یەکەم رۆژی هاتنە سەر کاریەوە بە زۆری چەك خۆی بەسەر خەلك دا سەپاند و وەلامی هەموو جۆرە نارەزایەتیەکی بە چەك و کووشتو بڕ دایەوە و تائەو جێگایەی کە خەلکی کوردستان لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ژیان و مافەکانیان دیفاعیان کرد و خوومەینی فەرمانی جەهادی لە دژی خەلکی کوردستان دەرکرد وهێرشیان کردە سەر خەلکی کوردستان . ئەو کاتیش خەلکی کوردستان شێت و شەیدای چەك نەبوون بەلام بۆ بەرگری لە خۆیان لە بەرامبەر هێرشی جەنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامی دەستیان دایە چەك و قارەمانانە راوەستان و مووقاوەمەتیان کرد . لێرەش دا قسەکەی هیجری ئەوە دەگەیەنێت کە ئەوەیکە لە بەردەم بەدەست هێنانی مافەکانی خەلکی کوردستانی ئێران رێگرەو کۆسپ دروست دەکات ئەوە بوونی چەکە ! کە زۆرێك لە هێزە سیاسیەکانی کوردستان بۆ پارێزگاری لە خۆیان لە بەرامبەر رژیمێك دا کە بە چنگ و دەدانەوە بە چەك مووسەللەحە ، چەکیان هەلگرتووە .

تا کاتێك کۆماری ئیسلامی وەلامی داخوازیەکانی خەلك بە کووشتو بڕ و زەبرو زەنگ و چەك بداتەوە خەباتی چەکدارانە و هەلگرتنی چەك بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی خەلکە کوردستان و بەدەست هێنانی تەواوەتی مافە رەواکانی ئەو خەلکە شێوازێکی بەرهەق وعادلانەیە بۆ سەرکەوتن .

کەواتە بەدەستەوە بوون یا نەبوونی چەك ئاوا رژیمێك دا چی لەو واقعیەتە کەم دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئەو رژیمە نییە کە بە هیچ جۆرێك و شێوازێك دان بە مافەکانی خەلکی کوردستان دا بنێت و " بەرەی یەکگرتووی کورد " هەولێکی نەزۆکە بۆ لە بار بردنی خەباتی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان و سیاسەتی حیزبی دیموکراتیش لەم پەیوەندیەدا بانێکەو دوو هەوا ! . بانگەشەی حیزبی دیموکرات بۆ ئەندامانی ئیستاو پێشووی مەجلیس و بە خەباتکار ناو بردنی ئەوان لە بیٚ هیوایی بە خەباتی جەماوەری لە کوردستان و دلخۆش کردن بە ئالۆگۆر لە سەرەوە و چاوەروان راگرتنی خەلکی تێکۆشەری کوردستان لەوەیکە ئەو کەسانە شتێکیان بۆ بکەن سەرچاوە دەگرێت .سیاسەتێك کە لەمێژە شکستی خواردووە و لە پەراوێز خستنی زیاتری بۆ ئەو حیزبە لە داهاتوودا لیٚ چاوەروان دەکرێت .